# تەسریفکردنی ململانێیەکانی ناوخۆی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان قەیرانەکانی ئۆردوگانو عەسکەر چارەسە

جەوهەر نامق سالم



دەوڵـەتی تورکیـا کـە (795452) کـم چوارگۆشـەی پانتـاییو 70 ملیـۆن کـەس دانیشـتوانیەتی، یـەك لـە ئیفرازاتو دەرئەنجامەکانی شەڕی جیهانی یەکەمەو، دوڵەتێکی فسیفسائی دروستکراوی بـەرەی هاوپـەیمانی ئـەو سـەردەمە، بەسـەرۆکایەتی بـەریتانیای عوزمـا. سـەقەتو ناتـەباو لاوازو مشـەخۆر لـەڕووی ئـابووری، وڵاتێکی فرەڕەگەزو فرە ئایینو فرە مەزهەبو فرە نەیارو، نموونەیەکی سەردەمی پڕ لە تەناقوزاتو ململانێو گیرگرفتی ناوخۆو ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەو، کیانێکی بـەزۆر پێکهێنـراوو ئـەسیری رابـردوو و گـەمارۆ دراو بەناحـەزان: لای رۆژئاواو باکوورو رۆژهەڵاتیەوە: یۆنان، قیبرس، ئەرمینیاو ئێران. لەلای خۆرئاوایەوە لبنانو سوریا کوردستان و عێراقو، بە درێژایی مێژووی بە ئێستایشیەوە، یان لە شەڕ یان لەحاڵەتی شەڕدابووە.

نزیکەی سەدەیەکە ئەم کیانە لە هەڵپەهەڵپی قاڵبدانی ئەو کۆمەڵگا فسیسفیسائیەدایەو، گردکرنەوەیان لەنێو یـەك نەتـەوە، یـەك زمـانو یەك کۆماری عەلمانی.

لەبەر ئەوە فەرزکردنی گۆڕانکاریو لەقاڵبدانو چاکسازیو بازدان بەسەر قۆناخو رەوتی پێشەوەچوونی کۆمەڵگا بە لاسیکردنەوەو زەبـرو زۆر مـەحاڵو بێهودەیە. ئەم کیانەی کە پێی ئێژن تورکیا، زەواجێکی کاسۆلیکی، 90 ساڵەی خۆی لەگـەڵ (عـەلمانیـەت)و (تـەغرب) گۆڕیـەوە بەزەواجێکی عورفیو، تازە بەتازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەسلو فەسلی کۆنی خۆی وەکو کۆمەڵگایەکی ئاسیاییو موسڵمان. لەناخەوە خێڵی (مەڕی سپیو مـەڕی رەش)و، بەناسـۆ (عوسمـانلی)و بـە هـزر (ئیسلامی)، لەواقیعیشدا ئەنـدامێکی نـاتۆو هاوپـەیمانێکی ئیسـتراتیجی ئـەمریکاو ئیسرائیل لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو چاوی لەئەندامێتی یەکێتی ئەورووپاشە.

لەبەر کۆمـەڵێك هۆکاری نـاوەکیو دەرەکـیو سروشـتی دروسـتبوونی کۆمـاری تورکیـا، وا بـۆ نـەوەت ساڵ دەچێت، لەبـەر رۆشـنایی بـیرو بۆچوونی تۆرانیو کەمالیزمو دەسەڵاتی فیعلی عەسکەر، ئەم وڵاتە عەودالی ناسنامەو ئارامییەو، لەشەڕێك بۆ ئەوی دیکەو لەقەیرانێك بۆ یەکێکیتر.

شـەڕی لەگـەڵ یۆنانیـەکان، شـەڕی قیبرس، شـەڕی دژی ئەرمـەن، شـەڕی دژی عەلەوییەکانو دژی کورد، کـەم یـان زۆر بەردەوامـەو، یـەك لـەو کێشانەشی چارەسەر نەکردووە. بەپێچەوانەوە ئەو شەڕانەی قوڵو فراوانتر دەبن: یۆنانو قیبرسییەکان گـەرووی دەسـەڵاتدارانی تورکیایان گرتـووەو هەرچی ئیدعای دیموکراسیو بنەماکانی شارستانێتیو مرۆڤایەتیان هەیە بەرپـەرچ دەدنـەوەو، کۆسپو ئاستەنگن لـەرێگای بـە ئـەورووپی بوونیـان. ئەرمەنییەکان پاش 92 ساڵ لەکۆکوژکردنیان، لەنێوان ساڵانی (1915-1921) لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی تورکیـاوە ئێستا وەکو تـاوانێکی جینۆسـاید ساخ کرایـەوە. کورد هـەر لـەو ماوەیـەدا زیـاتر لـە 9 شـۆڕشو راپـەڕینی بـەرپاکردووەو، دوا شۆڕشـیان کـە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی رابـردوو هەڵگیرسا، وا بۆ ماوەی زیاتر لە 24 ساڵە بەردەوامەو رۆژانە زیانێکی زۆری مادیو گیانی بە تورکیـا دەگـەیێنێتو، لەمێـژووی نـوێی نەتەوەکەمانـدا دەکرێت بەدرێژترین شۆڕشی نەپساوە پێناسە بکرێت.

وەکـو مەعلوومـە تـاكو لایـەنو هێـزی رەگەزپەرسـتو پاشـڤەرۆ، هەمیشـە کـورت بـینو تەنگـە نـەفسو دۆڕاوە. لەبـەر زاڵبـوونی ئـەو عەقلیەتەش لە تورکیا، نە دەستووری ساڵی 1924، نە چاکسازییەکانی ساڵانی 1937و 1946و، ساڵانی شەسـتەکانو هەشـتاکانی سـەدەی رابردوو، کە بەسەر ئەم دەستوورەداهاتنو، نە کودەتاکانی خـودی سـوپای تورکیـای سـاڵانی (1960و 1971و 1980) کـە هـەر عەسـکەرو دیـدو بۆچـوونی عەسـکەر دەستپێشـخەرو پیادەکـەری بـوو، نـەیانتوانی قـەیرانو ناسـنامەو کێشـەی دەسـەڵات لـەم وڵاتـە چارەسـەربکەن، بەپێچەوانەوە تاکو دەهات ناکۆکییەکان ئاڵۆزتر دەبوونو، عەقلیەتی عەسکەرتاریانەی دەسـەڵاتی فـەرمی وشـکتر دەکـرد، تـاکو کـار گەیشـتە ئـەوەی تـەوژمی ئیسلامی سیاسی بەپێشـەنگی حیزبـی دادو گەشـەپێدان AKPو بـە سـوود وەرگـرتن لـە دەسـتوورو چاکسازییەکانی ئـەو قۆناخانـە، تـەنگ بەدیـدو بۆچـوونو عەقلیـەتی عەسـکەرتاریو تـۆرانیو کـەمالیزمی فـەرمی هەڵکێشـێتو، ئیحتـوای عەلمانیـەت بکـاتو، سنوورێك بۆ دەزگای دەسەڵاتداری عەسکەر دانێتو، وا خەریکە هەنگاو بەهەنگاو سەرکەوتووانە بەرەکەش لەژێر پێیان رادەکێشێت.

ئەمڕۆ هەردوو جەمسەری ململانێی تورکیا، حیزبی دادو گەشەپێدانو دەزگای فـەرمی سـوپای تورکیـا بـە هەرچوار باڵەکـەی: زەمـینی،

ئاسمانی، دەریاییو جەندرمە. بەرەو حاڵەتی رووبەڕووبوونەوە دەچن. یەکەمیان پشت قایمە بە شەقامی تورکی، دەستووری وڵاتەکەی، کەشوهەوای ئیقلیمیو نێودەوڵەتیو، خۆی بەسەرکەوتوو دەزانێتو دەیەوێت بەهێمنی ئەو سەرکەوتنە هەزم بکات. دووهەمیان پاشەکشە پێکراوو بریندارو لەحاڵەتی بەرگریدایە. لەبەرژەوەندی یەکەمدا نییە بەردەوام بێت لە هێرشکردن، دووهەمیش تەنگاوەو ناتوانێت پەنا بۆ کودەتا بەرێت، هەرچەندە هەر ئەوەشی بەدەستەوە ماوە.

بۆ تەسریفکردنی ئەم قەیرانە، هەردوو جەمسەر روو لەدەرەوە دەکەن. کوردو باشووری کوردستانیان کردووەتە ئامانج. تەیب ئۆردوگانو ئەرکانەکانی حکومەتەکەی بۆ پشوودانێکو، عەسکەرو جەنەراڵەکانیش بۆ تەنفیسو گەڕانەوەی هەندێ لەئابڕوە تکاوەکەیان.

وتاری هەردوو جەمسەر بۆ شەقامی تورکی زیاتر بۆ موزایەدەو ئیستیهلاکە. ئەگەرچی گوتاری ئەم رۆژانەی تەیب ئۆردوگانی سەرۆك حیزبو سەرۆك وەزیران، هەندێ توندیو بێ منەتیو نا هاوسەنگی پێوە دیار بوو وەك: "ئامادەین ئەنجامی رەخنەی دەرکی تەحەمول بکەین سەبارەت بە ناردنی هێزمان بو ناو خاکی ئێراق"، یان "چوونمان بۆ ناوخاکی ئێراق پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن نییە لەکەسو... ئامۆژگاری کەسمان پێویست نییە"، وەلێ گرێدانی چوونە نێو خاکی باشووری کوردستان بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانو پەسند کردنی لەلایەن پەرلەمانو دەرچواندنی بڕیارێك بۆ ئەو مەبەستەو پاشان پەسندکردنی لەلایەن سەرۆك کۆمار، خۆی لەخۆیدا جۆرە خاوکردنەوەو هێورکردنەوەی قەیرانو فشاری عەسکەرو و توندڕەوە کەمالیستو تۆرانیەکانی وڵاتەکەیەتی، بەتایبەتی ئەم پرۆسەیە هەفتەیەکە دەستی پێکردووەو دوور نییە ماوەیتریشی پێویست بێتو، شان بەشانی ئەمەش گشت دەرگاکانی دیبلۆماسیەتیان لەسەر پشت کردووەتەوە، چونکە:

1- لەمێژە ناکۆکیو ململانێ لەنێوان عەسکەر، وەکو پارێزەری کەمالیزمو کۆمارو عەلمانیەتو، لایەنە ئوسولیەکانی تورکیا لەئارادابووە. هەر لەسەرەتای قۆناخی یەکەمی حکومەتی حیزبی دادو گەشەپێدان ناکۆکییەکان لەنێوان حکومەتو عەسکەر بەزەقی سەری هەڵدا. بۆ ئەوەی بەرنامەی خۆیو چاکسازییە دەستورییەکانی ئایندە پراکتیزە بکات، ئۆردوگان تەحەدای عەسکەری کرد. لەپرۆسەیەکی دیموکراتی ئازادو شەفافدا، بەپێچەوانەی هەڵوێستو ویستی عەسکەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، دەنگی زۆرینەی خەڵکی تورکیای بۆ خۆی مسۆگەر کرد. ئۆردوگان دەزانێت جەمسەری بەرامبەری کە عەسکەرە بریندارەو، بۆ یەکەمجار لەمێژووی نەوەت ساڵەی کۆماری تورکیا، حیزبێکی خاون بیرو باوەڕو بەرنامەی ئیسلامی، لەدوو هەڵبژاردنی گشتیدا توانی نەك هەر سەرکەوتنێکی رەها وەدەست بێنێت، بەڵکو هەرسێ دەسەڵاتەکەش بۆ خۆی مسۆگەرکات (پەرلەمان، حکومەت، سەرۆکایەتی کۆمار). ئەم سێ دەزگایەو هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی جگە لە گرنگی مەعنەوی، دەسەڵاتێکی گرنگ و فراوانیان هەیەو یەکەمجارە کێشەی دەسەڵات لەکۆماری تورکیا بەم شێوەیە یەکلایی دەکرێتەوە.

2- لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمارو بەپێچەوانەی خواست ویستی عەسکەرو ئیعلانکردنی ناڕەزای خۆیان، حیزبی دادو گەشەپێدان، عەبدوڵلا گیولی خۆی فەرز کردو ناچار عەسکەریش قەبوڵی کرد.

3- حکومەتی ئۆردوگان سەرقاڵی چاکسازی دەستوورەو قەولە پێش کۆتایی ئەمساڵ پرۆژەکە بداتە پەرلەمانو پاشان لەڕێگای ریفراندۆم میللەتانی تورکیا رای لەسەر بدات. بنەمای چاکسازییەکان، هەر وەك جێگری سەرۆك وەزیران جەمیل چیچەك باسیکرد، پێشنیارە یاساییەکانی لایەنە سیاسییەکانو، رەشنووسی دەستووری یەکێتی ئەورووپاو بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی سەبارەت بنەماکانی ماڤ مرۆڤە. جیاوازی لەنێوان حیزبی دەسەڵاتدارو عەسکەر، لەو بوارانەدا زۆرن. هەرچی ئوردوگانو حکومەتەکەیەتی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپانو عەسکەریش دژیەتی. جادەی تورکیا بەگشتیو بنکەی پارتی دادو گەشەپێدان بەتایبەتی لەگەڵ (تەغرب)و ئەمریکا نین. عەسکەر ئەگەر چی دلگرانە لە ئەمریکا، وەلی زیاتر لایەنگیری ئەمریکایەو سوورە لەسەر (تەغرب). لە هەموویشی گرنگتر مەبەستی ئۆردوگانو حیزبەکەی لەم چاکسازییە زیاتر دوورخستنەوەو کەمکردنەوەی رۆڵی عەسکەرە لەناوەندەکانی دەسەڵاتو گەمە سیاسییەکانو سازکردنی تورکیایە بۆ ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا.

4- رۆژی 2007/10/9، لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا بەزۆرینەی دەنگ قەتلوعامی ئەرمەنییەکانی لەنێوان ساڵانی 1915–1921 کە لە تورکیا روویدابوو وەکو تاوانێکی جینۆساید ناساندو، حکومەتی ئەودەمی تورکیای پێ تاوانبار کرد. قەولە پێش کۆتایی ئەمساڵ بڕیارەکە بخرێتە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا. بەپێی هەواڵەکانی ناو کۆنگرێس مەزەندە دەکرێت تاکو ئێستا زیاتر لە 233 ئەندامی کۆنگرێس لەگەڵ بڕیارەکەدا بن.بەمەش ئەمریکا، پاش فەرەنسا، دووهەم وڵاتە کە ئەو کۆکوژییە بە جینۆساید پێناسە دەکات.دوور نییە لەئایندە وڵاتی دیکەش لەسەر هەمان تاوان هەڵویست وەربگرن. بڕیاری لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی

ئەمریکا، حکومەتی تورکیاو جەنەراڵەکانی نیگەران و ئاڵۆز کردووە.

5- بەرامبەر بەمانەو، لەمیانەی زیاتر لە 90 ساڵ لە سەرکوتکردن و تالآن و کۆکوژی و سیاسەتی راگوێزان و تەتریك و گرتن و برین و نکۆڵیکردن لە بوون و مافی کوردو باکووری کوردستان کە زیاتر لە 28٪ی خاك و 30٪ی نفووسی تورکیایە، هەروەها، وا 24 ساڵە شۆڕش و بەرخۆدانی ئەم میللەتە بەردەوامەو، حکومەت سوپای تورکیا جگە لە زیان و ماڵوێرانی و پاشەکشێکردن و نابووتکردنی وڵاتەکەیان و لەدەستدانی سەروەت و سامانێکی زۆر، چی وەهای وەدستنەهێناوە.

تورکیا وڵاتێکی دراوسێی ئێمەیە بە حوکمی جوگرافیا، قەدەری کوردو تورك و نەتەوەکانی دیکەشە کە دەبێت پیکەوە بژین. چەند نکۆلی لە بوون و مافی یەکتریش بکرێت، لایەك ئەویدیکەی پی ناسڕیتەوە. هەرچەندی حکومەت و جەنەراڵەکانی تورکیا خۆیان بە زل و بەهێز بزانن ناتوانن نەتەوەیەك و کوردستانێك فەراموش بکەن. کوردیش بەئەندازەی پانتایی کوردستانەکەی و هێزو قودرەت و گیانی بەرخۆدانی زیاتر لە 40 ملیۆنەکەی و، ئەو ئیمکاناتەی هەیەتی و رەوایی کێشەکەی و بواری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی سەردەم، دەتوانێت بەو ئەندازانە بەرەنگاری هەر جۆرە دەستێوەردان و خراپەکاری و هەر لەشکرکێشیەکی تورکیا بکات و، زیان بەلایەنێکی گرنگی بەرژەوەندییەکانی بگەیێنێ، چونکە:

ا- زیاتر بۆ 6 سەدە دەچێت دەسەڵاتی تورك هەموو جۆرە نەخشەو پیلان و ئامرازەکانی بەکارهێنا بۆ سڕینەوەی کوردستان و نەهێشتن و تەتریککردنی کوردو، لەو هەوڵەش بەردەوام و سوورن، کەچی جگە لە شۆڕش و راپەڕینەکانی دیکەی ئەم گەلە، وا بۆ زیاتر لە 24 ساڵە گلپەی شۆڕش و بەرخۆدانی لە گەشەسەندندایەو، سەرکردایەتی بزاڤەکی، بەهەموو کەمکورتیەکانیەوە، دروشمی پێکەوەژیان و دانوسەندن و رێبازی ئاشتی لا پێ پەسندترە، وەلی ئەوان قەبوڵی ناکەن!

ب- ئەمرۆ کوردستانی باشوورمان وەکو واقیعێك بەشێکە لە (العراق)و (العراق)یش لەلایەن ئەمریکاوە داگیرکراوەو پاراستنی گشت سنوورەکانی، بەپلەی یەکەم مەسئولیەتی ئەو و حکومەتی ناوەندییە. ئەم واقیعەش بە هیچ شێوەیەك لە مەسئوولیەتی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی فەرمی کوردستان، سەبارەت بە پاراستنی خاك و سەروماڵی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لەناوچەکانی سەرسنوور کەم ناکاتەوە. ئێمە بە دووری دەزانین ئەمریکاو حکومەتی ناوەندی بەغدا، بتوانن بێلایەن یان بێدەنگ بن بەرامبەر هەر جۆرە بەزاندنێکی سنووری (العراق)، چونکە هەڵوێستی وەها دەرگا دەکاتەوە بۆ خروقاتی دیکەی لەم چەشنەو قەیرانی (بوش)و ئیدارەکەی لە (العراق)وناوچەکە ئاڵۆزتردەکات و، راستگوییان بەرامبەر سەروەری و یەکێتی خاکی وڵاتەکە لەق دەکات و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەکاشمان ناچار دەکات بۆ ئەلتەرناتیڤی دیکە.

ج- کوردستانی باشوور بە هەموو کەموکورتی و گلەو گازندەو گەندەڵی حیزبی و ئیداری و مەترسییەکانی ئایندە، وا بۆ 16 ساڵ دەچێت حوکمی خوی دەکات و، لەماوەی ئەم 16 ساڵە هەمیشە هەوڵی پەیوەندییەکی باش و دۆستانەی داوە لەگەڵ تورکیاو، لەسەر بنەمای رێز گرتن و پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و دوور لەدەستێوەران (ئەگەرچی جاروبار لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیشمان بووە). لەم مەیانە بەپلەی یەکەم پارسەنگی ئەو پەیوەندییە بەلای تورکیادا شکاوەتەوە. هەر بۆ نموونە:

- زۆرجار شان بەشانی سوپای تورك پێشمەرگەی کوردستان شەڕی PKKی کردووەو سەدان کەسی لەدەستداوەو زیانێکی زۆرمان لێکەوتووەو، بەسەدان گوندمان ویران و خاپورکراوەتەوەو، تاکو ئێستایش ئاوەدان نەکراونەتەوەو خەڵکەکەشی هێشتا ئاوارەن.

- بۆ 10 ساڵ دەچێت چەندین بنکەی سەربازی تورکیا لەچەند ناوچەیەکی پارێزگای (دهۆك)و هەندێکیشی کاتی خۆی لەپارێزگای سلێمانی جێگربووە. تەنسیق و هەماهەنگی لەنێوان ئەو بنکە سەبازیانەی تورك و دەسەڵاتی ئیداری و حیزبی باشووری کوردستان بەردەوامە.

- لەپاش راپەڕینی ساڵی 1991، دەروازەی باشووری کوردستان کراوە بووە بۆ تورکیا. کێرڤی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان هەمیشە لە بەرزبووندا بووە. لەسەرەتای ساڵی 2007 تاکو ئێستا قەبارەی ئەو بازرگانییە وا مەزندەکراوە کە لە 4 ملیار دۆلار زیاترە.

- لەسنووری 500 کۆمپانیای گەورەو مامناوەندی و بچووکی تورکی لەهەرێمی کوردستان کاردەکەن و هەرچی گرێبەست و پرۆژەی گەورەو مامناوەندی هەیە دراوە بەو کۆمپانیانە. تەنها گرێبەستەکانی ساڵی 2006ی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکان لەسنووری 1ر5 ملیار بوو.

- بەهەزاران تەکنیککارو کارکەرو کاسبکاری تورکیا لە پرۆژەو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکەنو، هەرێمی کوردستانیش بووەتە بازاڕو بنکەیەك بۆ کۆمپانیاو کاڵای تورکیا بۆ گشت ناوچەکانی دیکەی (العراق)و، لەماوەی ئەم 16 ساڵە، بەشێکی بەرچاوی ئابووریو بازاڕی کاری تورکیا پشتبەستە بە بازاڕو بازرگانی هەرێمی کوردستان.

- بۆ یەکەمجارە کۆمپانیاکانی تورکیای تایبەت بەبواری نەوتو غاز داخیلی بازاڕی کوردستانو (العراق) دەبن. سەرەڕای مەترسییەکانی ئەم هەنگاوە لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتیمان، ئەو کۆمپانیانە چەند گرێبەستێکیان لەگەڵ حکومەتی کوردستان لەبواری نەوتو غاز ئیمزا کردووەو بەشێوەیەکی وەها کە زیاتر لەسوودی ئەو کۆمپانیانەن.

- لولەنەوتی (کەرکوك- جیهان) سەرچاوەیەکی گرنگی ئابوورییە بۆ تورکیاو ئەهمیەتێکی ستراتیجیشی هەیە بۆ عێراقو دەرەوە. بە نەوتو بە جوگرافیا ئەو لولەنەوتە لەخاکی کوردستانەوە دەگاتە بەندەری جیهانی تورکی. لایەنی کوردستانی، ئەگەر ئیرادەی هەبێت،دەتوانێت تەحەکوم بەو بەرژەوەندییەوە بکات لەکاتی پێویست.

د -یەکەمجارە مەترسی لێدانی بنکەکانی PKKو بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستانی باشوور لەلایەن سوپای تورك، ببێتە مایی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەجیهان لەخوارەوەی 80 دۆلارەوە بۆ یەك بەرمیل بۆ نزیکەی 90 دۆلار. ئەم بەرزبوونە کوتوپڕە رۆژانە خۆی لە 600 ملیۆن  دۆلار دەداتو، مانگانە دەکاتە زیاتر لە 18 ملیار دۆلار. ئەم زیادەیە باجدەرانی ئەمریکاو ئەوروپاو هاووڵاتیانی وڵاتانی دیکەی مستەوریدی نەوت دەیبژێرن. واتە ئەم تەنگژەیە کە حگومەتی تورکیا دروستی کردووە زیانێکی ئابووری نێودەوڵەتیشی لێکەوتەوەو، ئەگەر سوپاکەی تەجاوزی سنووری باشوورمان بکات، دوور نییە هێشتا زیانەکە زۆرترو فراوانتر بێت.

هـ- لەدەرەوەی کوردستان جالیەیەکی کوردستانی گەورەمان هەیەو، چەندین رێکخراوو مەڵبەندی رۆشبیریو مرۆڤایەتیو سیاسیان دامەزراندووەو، ژمارەیەك کورد وەکو هاووڵاتی ئەو دەوڵەتانە لە ناوەندەکانی هەندێ لە دامودەزگاو حیزبو رێکخراوەکانیان بەشدارن، جگە لە رێکخستنەکانی پارتە کوردستانییەکانو نۆینەرایەتی حکومەتی هەرێمو باڵوێزخانەکانی (العراق) بەتایبەتی باڵوێزو کارمەندانی کورد لەو دامەزراوانە. هەر هەموو ئەمانە ئەمڕۆ، هێزێکی جەماوەریو دیبلۆماسی گرنگن، ئەگەر هاتو سەرکردایەتی فەرمی کوردستانو حکومەتی هەرێم بەپێی بەرنامەیەکی رێکوپێك وەگەریان بخات.

و- زیاتر لە 70 ئەندامی پەرلەمانی تورکیا کوردن، سەرەڕای دەیان مەڵبەندو سەنتەری کولتووریو مرۆڤایەتیو حیزبی. PKK و لایەنەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسی باکووری کوردستان، دەتوانن بیانخەنە گەر لە پاڵ هێزی گریلاو جەماوەرە ستەمدیدەکەیان.

ز- لایەنی کوردستانی لەگەڵ هێمنیو پاراستنی  بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەو، خوازیاری پەیوەندی نۆرماڵو تەندروستە. دوور نییە حکومەتی ئۆردوگان ( نەك لەبەر چاوی رەشی کورد)، هەمان خواستی هەبێتو، کار نەگەیێنێتە ئەو رادەیە کە گشت کارتەکان تێکەڵ بەیەك کات، چونکە لەو حاڵەتە هاوکێشەکە بەلای عەسکەر دەشکێتەوەو مەترسی گەڕانەوەیان بۆ سەر شانۆی سیاسیو گەمەکەی لە ئەگەر دەردەچێتو، خوریەکەی ئۆردوگان دکەنەوە ریس!

نکۆلیکردن لە بوونو ماڤ کوردو زەبرو زۆر غروورو لەشکرکێشیو تەتریكو راگوێزانو کورد بە کەم زانین، رێبازی ژمارەیەکی زۆری سەرکێشو کورتبینی داگیرکەرانی کوردستان بووە. ئەوان رۆیشتنو کورد باقی.

کێشەی بەربەرەکانی گریلاکانی PKKو ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا بۆ سەر سنووری باشووری کوردستانو تۆپبارانکردنی گوندەکانی پارێزگای دهۆك بەو شێوە دڕندانەیە، لەبنەڕەتدا کێشەو گرفتی ناخۆی تورکیایەو هەڕەشەکردن بە بەزاندنی سنووری هەرێم بەپاساوی راونانی PKKو نەهیشتنی بنکەو بارەگایان لەچیا سەختەکانی سەر سنوور، ئەگەرچی رەوشی هەرێمو (العراق)و ناوچەکە نا ئارامتردەکاتو قەیرانی ئەمریکا لە (العراق) ئاڵۆزتر دەکات، وەڵی هەولێکی بێهودەی دیکەی هەردوو جەمسەری ململانێیەکەی تورکیایە (حکومەتی دادو گەشەپێدانو جەنەراڵەکانی سوپا) بۆ تەسریفکردنی قەیرانەکانیانو هەڵهاتنێکی دیکەیانە بەرەوە پێشەوە و، ناتوانن کوردی پێی ملکەچ کەنو، جەماوەری کوردستان بێ دەنگو سەرکردایەتی فەرمیش بێ لایەن.

هەردوولا چاویان لە ئەمریکایە بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەكو، هەرسێ لا بەدوای مەخرەجێکدا دەگەڕێنو، دیارە مەخرەجیش تاکو ئێستا هەر هەڕەشەکردنە بەنەمانیPKK و بەزاندنی سنووری هەرێم!!

ئێمە دڵنیاین ئەو بەزاندنە (ئەگەر روودبات) بێ چرای سەوزی ئەمریکا نابێتو، چاوپۆشی ئەمریکاش لەم تاوانە پێشینەو سابیقەیەکی باشی لێ ناکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو لێدوانەکانی ئەم دوایییەی ئۆردوگانو پێشنیارەکەی بۆ پەرلەمان سەبارەت بە مۆڵەتدان

بەسوپای تورکیا کە بۆ ماوەی یەك ساڵ ئۆپەراسیۆنەکانی لەهەرێمی کوردستان پیادە بکات، رەچاو بکرێت.

بەئومێدی ئەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیاو ئەمریکاو بەغدا ئەم بەڵایە لە کوردو لە هەرێمی کوردستان دوور خەنەوەو، مەودا نەدرێت سوپای تورکیا سنووری کوردستان ببەزێنێت، واش تەسەور نەکەن کوردو کوردستانی باشوور لاوزترین بازنەی مەیدانی ململانێیەکەیە!

2007/10/16

⋆هەفتەنامەی میدیا,ژمارە 311